گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەڵوێستی سیاسی میرو سەرکردەکان لەهەمبەر دانانی ئەتابەگی بۆ مەلیك (المنصور محمد) ی کوڕی مەلیك (العزیز) لە وولاتی (مصر) لە نێوان سالانی (595-598ك/ 1198 -1201ز)

## توێژینەوەیەکی (مێژوویی -شیکاریە)

**م.ی. سامان نامق توفيق**
بەشی مێژوو، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
saman.tawfeeq@su.edu.krd

**پ.د. نیشتمان بشير محمد**
بەشی مێژوو، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
nishtiman.mohammad@su.edu.krd

**زانیاری توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٣/٢٣
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٥/٢٢
بڵاوکردنەوە :هاوین ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*King Al-Mansour Mohammed; King Afdhal; Kurdish Emirs; Emir Salahiya; Emir Asadiyah*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.16

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کە شیکاریەکی مێژووی یە پەیوەست بە هەڵوێستی سیاسی میرو سەرکردەکان لە لەهەمبەر دانانی ئەتابەگی بۆ مەلیك (المنصور محمد)(م:620ك/1223ز) ی کوڕی مەلیك (العزیز) لە ووڵاتی (مصر) لە نێوان ساڵانی (595-598ك/ 1198 -1201ز) خراوەتە ڕوو، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن دوای مردنی سوڵتان (صلاح الدين) لە ساڵی(589ك/1193ز) میر وسەرکردەکانی دابەش بوون بەسەرمەلیکەکانی دەوڵەتەکەی، هەروەك چۆن دەوڵەتی ئەیوبیش دابەش بوو بوو بەسەر کوڕ وبراو خزم وکەسەکانی. شتێکی ئاساییە لەو کاتەدا کوڕەکانی پشکی گەورەیان لە دەوڵەتەکەی بەرکەوت، هەروەك (دمشق) مەلیك(الافضل) (م:622ك/1225ز) و(حلب) بەر مەلیك(الظاهر) (م:613ك/1216ز) و(مصر) بەر مەلیك (العزیز) (م:595ك/1198ز) بەرکەوت، ئەو میر وسەرکردانەی کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دابەش بوون بە سەر ئەو مەلیكانە ڕۆڵێكی سەربازی وسیاسی زۆریان گێرا بەتایبەتی لە شەڕ وهێرش وئاژاوەگێریەكانی نێوان ئەو برایانە، تاكو ئەو كاتەی مەلیك (العزیز) دوایی شەش ساڵ لە مردنی باوكی ئەویش لە ساڵی (595ك/1198ز) كۆچی دوایی كرد، كوڕەكانی لە ڕووی تەمەنەوە بچووك بوون بەجۆرێ كوڕە گەورەكەی تەمەنی تەنها یانزە ساڵ بوو كە ناوی (المنصور محمد)بوو، بۆیە باوكی وەسیەتی كرد ومیرێكی وەك ئەتابگی كوڕەكەی دەست نیشان كرد تاكو گەورە دەبێت، بەڵام دواتر میرو سەركردەكان دەست تێوەردانی سیاسیان كردو بۆ ئەوەی كەسێ دابنێن كە لەڕووی سیاسیەوە لەگەڵ بەرژەوەندیكانیان بگوونجێ، بۆیە ئێمەش توێژینەوەیەمان تایبەت كردوە بە شیكاردنی هەڵوێستی سیاسی ئەو میرو سەركردانە.

## 1-پێشەكی

دوای مردنی سوڵتان (صلاح الدین) میر وسەركردەكانی دابەش بوون بەسەر كوڕ وبراو خزم وكەسەكانی، هەروەك چۆن دەوڵەتی ئەیوبیش دابەش بوو بوو بەسەر كوڕ وبراو خزم وكەسەكانی، كە بەشێكی زۆری دەوڵەتەكەی بەر كوڕەكانی كەوت وەك (دمشق) بەر مەلیك (الافضل) و(حلب) بەر مەلیك(الظاهر) و(مصر) بەر مەلیك (العزیز) كەوت، وەكو باسمان كرد ئەو میر وسەركردانەی كە دابەش بوون بە سەر ئەو مەلیكانە ڕۆڵێكی سەربازی وسیاسی زۆریان گێرا بەتایبەتی لە شەڕ وهێرش وئاژاوەگێریەكانی نێوان ئەو برایانە تاكو ئەو كاتەی مەلیك (العزیز) دوای شەش ساڵ لە مردنی سوڵتانی باوكی ئەویش لە ساڵی (595ك/1198ز) ئەویش كۆچی دوایی كرد، لە دوای خۆشی چەند كوڕێكی بەجێهێشت، بەڵام لە ڕووی تەمەنەوە بچووك بوون بەجۆرێ كوڕە گەورەكەی تەمەنی تەنها یانزە ساڵ بوو بۆیە پێویستی بە كەسێ هەبوو وەك ئەتابەگ لەگەڵی بێت بۆئەوەی حوكمیووڵاتی (مصر) بكات، هەرچەندە باوكی لەسەرە مەرگدا یەكێك لە میرەكانی وەك ئەتابەگی كوڕەكەی دەست نیشان كرد كەچی میر وسەركردەكانی دەستوەردانی سیاسیان ئەنجامدا بەشێكیان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی وبەشێكشیان لە پێناو

بەرژەوەندەیە تایبەتیەکانیان. کێشەو گیروگرفتە سیاسیەکان زیاتر بەدیار کەوت لە نێوان میر وسەرکردەکانی بەهۆی ئەوەی دابەش بووبوون بەسەر تیمەکانی (الاسدي) و(الصلاحي) وکوردەکان، هەر تیمێك هەوڵی ئەوەی دەدا دەسەڵاتی خۆی لە ڕووی سیاسیەوە باڵا دەست بکات بەسەر ئەوەی تریاندا بۆیە کێشەو شەڕ وئاڵنگاری ناوخۆیی زیاتر پەرەی سەند، لەم ڕوانگەیەوە لێکۆلینەوەکە هەوڵی ئەوەی داوە کە هەوڵ و هەڵوێستە سیاسیەکانی ئەو میر وسەرکردانە بخەیەنە بەرباس لە توێژینەوەیەکی تایبەتدا.

### 1-2- گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە مێژوونووسانی سەردەم کەمتر بایەخیان بە پێگەو ڕۆڵی سیاسی میروسەرکردەکان داوە لە ئەنجامی دانانی ئەتابەگی مەلیك (المنصور محمد)ی کوڕی مەلیك (العزيز)، بۆیە هەوڵی ئەوە دراوە کە ڕۆڵ وپێگە سیاسیەکانی ئەوان بخەینە چوارچێوەی توێژینەوەیەك وپاشان شیکاری لایەنە سیاسیەکەیان بکەین. هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی وبایەخی ڕۆڵی سیاسی میروسەرکردەکان لە ئەنجامی دانانی ئەتابەگی مەلیك (المنصور محمد)، هەروەها نەبوونی توێژینەوەیەکی زانستی تایبەت بە هەڵوێستی سیاسی میرو سەرکردەکان لە ئەنجامی دانانی ئەتابەگی بۆ ئەو مەلیکە.

### 1-3-ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی سیاسەتی ئەو میر وسەرکردانەیە تاکو بیانخەینە بەرباسێکی سیاسی بەئامانجی دەرخستنی هەڵوێستی سیاسی ئەو میرو سەرکردانەبە لە دانانی ئەتابەگی بۆ مەلیك (المنصور محمد). هەروەها لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی جێبەجێ کراوە، توانراوە زانیاریە بنەڕەتیەکان لە سەرچاوە ڕەسەنەکان وەربگرین، بەتایبەتی ئەو سەرچاوانەی کە هاوسەردەم ونزیکی ئەو ڕووداوەکانە بوونە، هەوڵ دراوە بە پێی پێویست بێت شیکاری زانستیانەی بابەتەکان بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا پشتمان بە سەرچاوەی سەردەمیش بەستووە بۆ پاڵپشتی وبەهێزکردی زانیاریەکانمان.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-4- گرفتی توێژینەوەکە**

گرفتی توێژینەوەکەمان زۆری سەرچاوە مێژوویەکان زیاتر گرنگیان بە مەلیکەکان داوە، کەمتر ئاماژەیان بە میرەکان داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆلینەوەکە توانیوێتی هەڵوێست و پێگە وسیاسەتی میر وسەرکردەکان لەم توێژینەوەیەدا بەتەواوی بخەینە ڕوو. توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و لە سێ باسی هەڵوێستی سیاسی میرو سەرکردەکان لە دانان ولابردنی مەلیك (المنصور محمد)و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پوختە بە زمانی عەرەبی وئینگلیزی پێکهاتووە.

2- هەڵوێستی سیاسی میرو سەرکردەکان لە دانانی (المنصور محمد) ی کوڕی مەلیك (العزیز) لە مەلیکایەتی (مصر).

2-1- مردنی مەلیك (العزیز)ی کوڕی سوڵتان (صلاح الدین) دانانی ئەتابەگی.

مەلیك (العزیز) ی کوڕی سوڵتان (صلاح الدین) کە مەلیکی (مصر) بوو لە (21ی محرم)ی ساڵی (595ك/1198ز) لە شاری (القاهرة) کۆچی دوایی کرد (الذهبي، 1993، مج1، ص401 ؛ العلیمي، **2011**، ج2، ص129)، بۆ ماوەی شەش ساڵ مەلیکایەتی ووڵاتی (مصر)ی کردووە (العمري، 1423هـ ، ج27، ص185 ؛ العلیمي، د.ت، ج1، ص399)، هەرچەندە تەمەنی بیست وحەوت ساڵ ومانگێك بوو،(أبو الفداء، د.ت، ج3، ص95)، بەڵام یانزە کوڕی لە دوای خۆی بەجێ هێشت (النویري، 1423هـ ، ج28، ص455-456) کوڕە گەورەکەی ناوی (المنصور محمد)[1] بوو،(إبن خلكان، ١٩٠٠، ج3، ص251 ؛ إبن العماد الحنبلي، 1986، ج6، ص522) کە تەمەنی نۆ ساڵ بوو (العمري، 1423هـ ، ج27، ص185)، بەڵام لە (مؤلف مجهول) دەڵێ تەمەنی (المنصور محمد) دە ساڵ بووە (2010، ص240).

میر (فخر الدین جهارکس)[2] کە یەکێك لە میرە گەورەکانی مەلیك (العزیز) بوو کاروباری تەواوی ووڵاتی (مصر)ی لە ژێر دەسەڵاتدا بوو کە وەك فەرمانڕەوای ووڵاتەکەی بەدی دەکرا پێشتریش ئەم میرە مەملوکی سوڵتان(صلاح الدین) باوکی بووە (إبن الاثیر، 1997، ج10،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ص157) مەلیك (العزیز) لەسەرەمەرگا وەسەیەتی ئەوەی کردبوو کە کوڕەکەی (المنصور محمد) ببێتە مەلیکی (مصر) تاکو گەورەش دەبێت میر (بهاء الدین قراقوش)[3] ببێتە بەڕێوەبەری کارەکانی واتا (الاتابك)[4]ئەتابەگی مەلیك (المنصور محمد) تاکو گەورە دەبێت (إبن واصل، 1957، ج3، ص88 ؛ الذهبي، 2003، ج12، ص1033 ؛ النعیمي، 1990، ج1، ص295).

**2-2- سەرهەڵدانی کێشەی سیاسی لە نێوان میرەکان لە دانانی ئەتابەگی مەلیك (المنصور محمد).**

ئەوکات میرانی گەورەی (الصلاحي)[5] کە پێکهاتبوون لە (فخر الدین جهارکس) و(سرانسقر)[6] و(زین الدین قراجا)[7] هەمووان لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە (المنصور محمد) بکەن بە مەلیکی (مصر) بۆ ئەمەش هەموویان پەیمانیاندا، (سبط إبن الجوزی، 2013، ج22، ص69 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص130)، هەرچی میرە (الاسدیة)[8]کان لەسەردەمی مەلیك(العزیز) ژێردەستەکرا بوون، هەروەها ستەمشیان لێدەکرا (أبو شامة، 1997، ج4، ص446) بۆیە ئەو میرانە هەوڵی ئەوەیاندا لە بابەتی دانانی ئەتابەگی ڕۆڵی سیاسی خۆیان بگێڕن وەك (سیف الدین یازکوج)[9] کە گەورەی میرانی (الاسدیة)کان بوو لە کاتی مردنی مەلیك(العزیز) لە ناوچەی (أسوان)[10]ی (مصر) بوو (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص69 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص130) کاتێك هەواڵی مردنی ئەویان پێدا ڕاستەوخۆ گەڕایەوە (القاهرة) و میرە (الاسدیة)کانی کۆکردەوە (أبو شامة، 1997، ج4، ص446)، هەوڵە سیاسیەکانی خۆی دەست پێکرد بۆ گۆڕانکاری لە ئەتابەگی مەلیك (المنصور محمد) دانانی کەسێ کە لەگەڵ بیرو بۆ چوون وبەرژەوەندیەکانیان بگونجێ، لەم بارەیەوە مێژوونووس (إبن الاثیر) باسی ئەوەمان بۆ دەکات دەڵێ کاتێك (سیف الدین یازکوج) لەبارەی دانانی مەلیك بۆ وڵاتی (مصر) پرسیار لە (فخر الدین جهارکس)ی گەورەی (الصلاحیة)کان دەکات ئەویش دەڵێت کوڕەکەی مەلیك (العزیز) مان کردووە بە مەلیك (1997، ج10، ص157 ؛ إبن واصل، 1957، ج3، ص88)، بەڵام میر (سیف الدین یازکوج) پێی دەڵێت ئەو مەلیکە بچوکە ئەم وڵاتەی ئێمەش سنووری ئیسلام وخاچیەکانە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێ کەسێ بکەین بە مەلیك کە بتوانێ سەرباز کۆبکاتەوە تێبکۆشێ، هەروەها پێشی گووت با ئەم مەلیکە لەسەر مەلیکایەتی خۆی بمینێتەوە، پێشنیارشی کردو گووتی با یەکێ لە کوڕەکانی سوڵتان (صلاح الدین) کاروباری ئەم ووڵاتە بەڕێوەبەرێ وەك ئەتابەگ تاکو مەلیك (المنصور محمد) گەورە دەبێت، لەبەر ئەوەی سەربازەکان گوێ ڕایەڵی کەسانی تر ناکەن ورەخنەش لە کەسی تر دەگرن، (فخر الدین جهارکس)یش کەوتە ژێر بیرو بۆچوونەکانی (سیف الدین یازکوج) بۆیە بەوەڕازی بووکە کەسێ لە کوڕەکانی سوڵتان (صلاح الدین) بکرێتە ئەتابەگی مەلیك (المنصور محمد) (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص157)

(سیف الدین یازکوج) دوای ئەوەی هەوڵەکانی سەرکەوتوو بوو لە گۆڕینی ئەتابەگ ئیجا هەوڵە سیاسیەکانی دەست پێکرد تاکو یەکێ لە کوڕەکانی سوڵتان (صلاح الدین) بکات بە ئەتابەگ کە بەدڵی خۆیی بێت، هەروەك مێژوونووس (إبن الاثیر) درێژە بە باسەکە دەدات دەڵێ (سیف الدین یازکوج) ئاماژەی یەك بەیەکی کوڕەکانی سوڵتان کرد تەنها (الافضل) نەبێ چونکە دەیزانی لە نێوانی (الافضل) و(جهارکس) ناکۆکی هەبوو، بەڵام دواجار ناوی مەلیك (الافضل) ی هێنا تاکو ببێتە (مصر) ئەتابەگی وەربگرێ، (1997، ج10، ص157)، لەکاتی مردنی مەلیك (العزیز) مەلیك (الافضل) ی برای لە شاری (صرخد)[11] بوو، (أبو شامة، 2002، ص25 ؛ میر شەرەفخانی بەدلیسی، 2006، ل112)، هەروەها مەلیك (العادل) ی مامشی لە گەمارۆدانی شاری (ماردین) بوو لە ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئەیوبی (إبن الساعي، 1934، ج9، ص3 ؛ الحنبلي، 1996، ص203)، بەڵام میر(فخر الدین جهارکس) لەبەر ئەوەی لە ڕووی سیاسیەوە پەیوەندی لەگەڵ مەلیك (الافضل) باش نەبوو بۆیە پێی گووت ئەو مەلیکە لێمانەوە دوورە لە (صرخد)ە، میر(سیف الدین یازکوج) سوور بوو لەسەر دانانی مەلیك (الافضل)بە ئەتابەگ بۆیە پێیگووت نوێنەر دەنێرین بۆ (صرخد) ەوە بانگی دەکەین بۆ (مصر)، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی میر (فخر الدین جهارکس) دەست بکات بە چەواشەکاری دەرحەق بە مەلیك (الافضل)(إبن الاثیر، 1997، ج10، ص158).

میر(سیف الدین یازکوج الاسدي) سوور بوو لەسەر بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکانی بۆیە سیاسەتێکی نوێی گرتەبەر بۆ ڕازیکردنی (فخر الدین جهارکس) ئەویش ئاماژەکردن بوو بۆ

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکلای کردنەوەی کێشەکە لەلای (القاضي الفاضل)[12]، ئەم بیرو بۆ چوونەش بووە هۆی ڕازیکردنی میر (جهارکس)( إبن الاثیر، 1997، ج10، ص158)، تێبینی ئەوە دەکرێت کە میر (جهارکس) بۆیە بەم داواکاریە ڕازی بوو چونکە پێی وابوو کە (القاضي الفاضل) بە دانانی مەلیك (الافضل) ڕازی نابێت چونکە ئەویش پێشتر بەهۆی ڕازی نەبوونی لە سیاسەتەکانی ئەو مەلیکە شاری (دمشق)ی بەجێهێشت بوو وڕووی لەووڵاتی (مصر) کرد بوو (إبن واصل، 1957، ج3، ص11)، بەڵام میر (یازکوج) پێشتر کاری خۆی کردبوو پێی ڕاگەیاندبوو کە پێویستە پشتگیر لە دانانی (الافضل) بکات ((وأرسل یازکج یعرفه ذلك، ویشیر بتملیك الأفضل)) ((میر یازکوج زووتر القاضي الفاضل ئاگادار کردبووە لە پشتگیری کردنی مەلیك الافضل)) بۆیە کاتێك کە کۆبوونەوە لەگەڵ (القاضي الفاضل) ئەو ئاماژەی بە دانانی (الافضل) کرد ( إبن الاثیر، 1997، ج10، ص158)، وەك ئەتابەگ مەلیك (المنصور محمد)، میر (یازکوج) هەڵەکەی قۆستەوە ڕاستەوخۆ نوێنەری ناردە (صرخد) داوای لە (الافضل) کرد کە بێ بۆ ووڵاتی (مصر) تاکو فەرمانڕەوای وەربگرێ (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص158 ؛ غانم ، 1983، ص105)، جگە لەوەی هەریەکە لە میرانی (الاسدیة) و(الصلاحیة) هەوڵی بەدی هێنانی بەرژەوەندی خۆیان دەدا، بەڵام وەکو پێشتر باسمان کرد بە گشتی میرە (الاسدیة)کان و میرە کوردەکان مەلیك (الافضل)یان دەویست و مەیل وئارەزووی ئەویان دەکرد بۆ مەلیکایەتی، بەڵام هەرچی میرە (الصلاحیة)کان بوو مەلیك (الافضل)یان خۆش ناویست وڕقیان لێی بوو هەرچەندە میری باوکیشی بوون (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص157 ؛ الذهبي، 2003، ج12، ص1033).

**3-2- بیرو بۆچوونە سیاسیەکانی میرو سەرکردەکان لەسەر دانانی ئەتابەگیەك.**

(إبن واصل) سەرەڕای باس کردنی ئەو زانیاریانەی لەسەر میرە (الاسدیة) و(الصلاحیة)کان وکورد لەسەر دانانی مەلیك (المنصور محمد) هێناوەتەوە چەندین ڕاو بۆچوونی جیاوازیش دەخاتە ڕوو لەسەریان ئاماژەی بۆ کردووە.

1-لەو کاتەی ناکۆکی کێشە کەوتۆتە نێوان میرەکانی (مصر)، بەشێك لەو میرانە لە میر(قراقوش) ڕازی نەبوون ودەیانگووت ئەم مەلیکە دەبێت پیاوێکی بە پەرۆشی هەبێت بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڕێوەبردنی کارەکانی هەرچی (قراقوش)ە بیرو بۆچوونی توند وتەسکە بۆ ئەم کارە نەشیاوە ((واپێویست دەکات و دەبیت ئەو مەلیکە پیاویکی بەهیز وشکۆمەند و بەتوانای هەبێت کارەکانی بۆ رایی بکات و بەریوەی ببات، و قراقوش بۆچوونەکانی شلەژاو و نارێکن، سینە تەنگ و بەرتەسکە و بەرگە نەگرە،بۆ ئەم فەرمانە گونجاو و شیاو نیە )) (( لا بد لهذا الملك من رجل فحل مهيب يدبره، وقراقوش مضطرب الآراء، ضيق العطن، لا يصلح لهذا الأمر)) (1957، ج3، ص89)

2- لەلایەکی تر مێژوونووس (إبن واصل) دەڵێ ژمارەیەك تر لە میرەکان دەیانگووت ئێمە لە (قراقوش) ڕازین هەر بۆیە دەیانگووت ((رەواترینی سەرکردایەتیە، هەروەها ئامادە نین بۆ یەکێك توانای خۆی بەسەرماندا درێژبکاتەوە )) ((نرضى بهذا الخادم, فإنه أطوع وأسوس مقادة، ولا نحضر من يستطيل بسطوته وقدرته)) ()1957، ج3، ص89 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص151).

3- جگە لەوانە مێژوونووس (إبن واصل) دەڵێ هەندێکی تر لە میرەکان دەیانگووت ((ئەم ووڵاتە ناپارێزرێ تەنها بە مەلیکێکی تۆقێنەری ترسێنەر نەبێت، ئەگەرچی پاشماوەی سەربازانی مصری تێدایە ئەوانەی ووڵات بەزۆر لەدەستیان دەرهێندراوە -مەبەستی لێی دوژمنانی ئایینەکەیە لەلای دەریاوە- جا کاتێك مەلیك زاڵ و بەهێز بەفەرمانەکانی هەڵنەستێت ئەوە ناپارێزرێت)) (( لا تحفظ هذه الديار إلا بملك مرهوب مخوف، وإن فيها بقايا من جند المصريين الذين انتزعت البلاد من أيديهم قهرا، ويقصدها أعداء الدين من جهة البحر، فمتى لم يقم بأمرها ملك قاهر لا تحفظ)) ()1957، ج3، ص90 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص151).

هەروەها مێژوونووس (إبن واصل) دەڵێ جیاوازی لە بیرو بۆچوون وسیاسەتی میرەکان وای کرد ململانێیان لەسەر دانانی کەسێك بە ئەتابەگی (مصر) لە نێوانیان درێژە بکێشێ بۆیە میرەکان بۆ یەکلای کردنەوەی ئەم کێشە سیاسیە چوونە لای (القاضى الفاضل) لەم بارەیەوە ڕای جیاوازە لەم بارەیەوە لەگەڵ (إبن الاثير) لەسەر ڕای بیر وبۆچوونی (القاضي الفاضل) وەك ئەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەرەوە باسمانکرد (ابن الاثیر) ئاماژەی دەکات کە میر (یارکوج) پێشتر ڕێکەوتبوو لەگەڵ (القاضي الفاضل) بۆ دانانی مەلیك (الافضل) وەك ئەتابەگ ( 1997، ج10، ص158)، هەرچی مێژوونووس (إبن واصل)ە باس لەوە دەکات ودەڵێ پاش ئەوەی کێشەکەیان بە (القاضي الفاضل) گەیاند ئەویش گووتی ئامۆژگاریتان ناکەم بەوەی کەسێك لە فەرمانڕەوای لابەرن، کەسێك لە فەرمانڕەوای دابنێن چونکە ئەم بابەتە هەندێکتان پێی ڕازی نین ودەبێتە هۆی ورژاندی دوژمنایەتی نێوانتان، بەڵکو ئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی کە لەگەڵ یەکتری کۆببنەوە بیرورا وڕاوێژ لە نێوان خۆتان ئاڵوگۆر بکەن لەسەر دانانی کەسێك، ئەگەر لەسەر کەسێ ڕێکەوتن وڕازی بوون ئەوا پێشکەشی منیشی بکەن) 1957، ج3، ص90 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص151).

میرەکان ڕاوبۆچوونی (القاضي الفاضل)یان پێ باش بوو بۆیە دەستیانکرد بە گفتوگۆی سیاسیانە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دواتر ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە بانگی مەلیك (الافضل) بکەن بۆ وولاتی (مصر) تاکو ببێتە ئەتابەگی مەلیك (المنصور محمد) (إبن واصل ،1957، ج3، ص90)، جێگای میر (قراقوش) بگرێتەوە (المقریزي، 1997، ج1، ص258).

**4-2- مەرجەکانی سیاسیەکانی میرە (الصلاحیة)کان بۆ دانانی مەلیك (الافضل) وەك ئەتابەگی مەلیك (المنصور محمد).**

مەرجە سیاسیەکانیان ئەمانەی خوارەوە بوو.

1- مەلیك (الافضل) نابێ ناوی لە ووتاری ڕۆژی هەینی وپارە لێداندا هەبێت، دەبێت هەر بەناوی (المنصور محمد) ئەوەوە بێت (إبن واصل، 1957، ج3، ص90).
2- جگە لەوە ماوەی ئەتابەگی حەوت ساڵ بێت کاتێکیش ئەو ماوەیە تەواو بوو دەبێت مەلیکایەتی ڕادەستی مەلیك (المنصور محمد) بکرێتەوە (إبن واصل، 1957، ج3، ص90 ؛ المقریزي، 1418هـ ، ج3، ص161).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- نابێ مەلیك (الافضل) دەسەڵاتێکی فراوانی هەبیت (المقريزي، 1418هـ ، ج3، ص161).

دواتر نوێنەریان نارد بەدوای مەلیك (الافضل) تاکو بێتەووڵاتی (مصر) ئەویش لە (صرخد)ەوە بەرەو ئەو ووڵاتە کەوتەڕێ (المقريزي، 1997، ج1، ص258)، (إبن الاثير) دەڵێ دوای گفتوگۆکردنەکە لەگەڵ (القاضي الفاضل) میر (یازکوج)نوێنەری ناردووە بۆ (صرخد) تاکو مەلیك (الافضل) ئاگادار بکاتەوە وبێت بۆ ووڵاتی (مصر) (1997، ج10، ص158).

## 3-هەوڵەکانی میرە(الصلاحية)کان بۆ ڕێگری کردن لە گەیشتنی مەلیك (الافضل) بۆ ووڵاتی (مصر) لە ساڵی(595ك/1198ز).

### 3-1-هەوڵەکانی میرە(الصلاحية)کان بۆ ڕێگری کردن لە مەلیك (الافضل).

دوای ئەوەی لە ساڵی (595ك/1198ز) میر (فخر الدين جهاركس) گەورەی میرانی (الصلاحية) بینی کە میرانی (مصر) نوسراو وداوایان ئاراستەی مەلیك (الافضل) کردووە کە بێتە ووڵاتی (مصر) تاکو ئەتابەگی وەربگرێ ڕق وکینەی بەرامبەر بەم کارە هەڵسا (المقريزي، 1997، ج1، ص258)، چونکە پێی وابوو کە (الافضل) گونجاو نیە ببێتە ئەتابەگی (إبن واصل، 1957، ج3، ص91 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص153)، وەکو پێشتریش باسمانکرد کە میرانی (الصلاحية)کان ڕق وقینەیان هەبوو بۆ مەلیك (الافضل) (إبن الاثير، 1997، ج10، ص159).

بۆیە میر (فخر الدين جهاركس) لەژێرەوە کاری کرد بۆ دژایەتی کردنی مەلیك (الافضل)، بۆ ئەمەش چەندین هەنگاوی گرتە بەر لەوانە

1-نوسراوی کرد بەناوی خۆی ومیرە (الصلاحية)کان بۆ مەلیك (العادل) (المقريزي، 1418هـ، ج3، ص161). کە ئەوکات لە گەمارۆدانی شاری (ماردين) بوو (إبن الاثير، 1997، ج10، ص157)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2-جگە لەوە نووسراوێکی تری بۆ میر (فارس الدين ميمون القصري)[13] کرد کە فەرمانڕەوای شاری (نابلس) بوو بارودۆخی وڵاتی (مصر) بۆ ڕوونکردبوونەوە تێدا ئاشکرای کردبوو بەو بارودۆخە سیاسیە ڕازی نیە کە ڕووی داوە، هەروەها داوای لە میر (فارس الدين) کرد کە گوێڕایەڵی مەليك (الافضل) نەکات وسوێندی وەك ئەتابەگ بۆ نەخوات (إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص153؛ المقريزی، 1418هـ، ج3، ص161).

3-لەلایەکی تر (سبط إبن الجوزي)یش دەڵێ لەو کاتەی میرە (الاسدية)کان نووسراویان بۆ مەليك (الافضل) کرد تاکو بێت بۆ (مصر) میرە (الصلاحية)کانیش نووسراویان بۆ میران ولایەنگرانی خۆیان لە (دمشق) کرد تاکو ڕێگری بکەن لە هاتنی مەليك (الافضل) بۆ (مصر)، چونکە بۆچوونیان وابوو ئەگەر ئەو مەلیکە ببێتە ئەتابەگ ئەوا حوکم ودەسەڵاتیان کەم دەبێت و(الاسدية)کان بەسەر ئەواندا زاڵدەبن، بۆ ئەمەش میرە (الصلاحية)کان لە (دمشق)ەوە بە خۆیان وسوپاکانیانەوە دەرچوون بۆ ڕێگری کردن لە چوونی مەليك (الافضل)، بەڵام نەیان توانی ڕێگری لێبکەن چونکە پێشتر ئەو بەرێکەوتبوو (2013، ج22، ص69). مێژوونووس (أبو شامة) دەڵێ لە (27 صفر 595ك/1198ز) سوپا دەرچوو بۆ ڕێگری کردنی بۆ ئەمەش چوون بۆ شاری (صرخد)، شوێنی فەرمانڕەوای کاتێکیش گەیشتنە شاری (بصرى) هەواڵیان پێگەیشت کە مەليك (الافضل) دەرچووە بۆ (مصر) بۆیە ئەوانیش بە ناچاری گەڕانەوە بۆ (دمشق)(1997، ج4، ص447).

**2-3-ئاشکرا بوونی هەوڵەکانی میرە (الصلاحية)کان بۆ ڕێگری کردن لە ئەتابەگی مەليك(الافضل).**

سەبارەت بە ئاشکرا بوونی پیلانی میرە (الصلاحية)کان دژی مەليك (الافضل) باسکردنی جیاواز هەیە لە نێوان مێژوونووسان

1- مێژوونووس (سبط إبن الجوزي) دەڵێ لەو کاتەی مەليك (الافضل) وویستی لە ڕێگای (بيت المقدس)ەوە بێت بۆ (مصر) لە ڕێگا نامەبەرێکی بینی کە زۆر بە خێرای دەڕوات، ئەوانیش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرسیاری لێدەکەن وپاشان نامەکانی لێوەردەگرن نامەبەرەکە دەڵێ ئەو نامەبەری میر (فخر الدين جهاركس)ە بۆ (دمشق) دەچێ پاش خوێندنەوەی نامەکان پیلانەکەیان ئاشکرا دەبێت، مەليك (الافضل) نامەبەرەکە ونامەکان لەگەڵ خۆی هێنا بۆ (القاهرة)، کاتێکیش گەیشتنە ئەو ووڵاتە ئەوا میر وکاربەدەستەکانی ئەوێ ئاهەنگێکیان بە بۆنەی هاتنی ئەوەوە گێرا، میر (فخر الدين جهاركس) لەوێ کەسی نامەبەرەکە دەبینێ بۆیە سەبارەت بە بوونی لەوێ پرسیاری لێدەکات ئەویش ئاشکرا بوونی نامەکانی بۆ باس دەکات، ئەمەش وا لە میر (فخر الدين جهاركس) بە ناچاری لەگەڵ ومیر (زين الدين قراجا) سەربازەکانی بۆ شاری (القدس) ڕادەکەن (2013, ج22، ص69 ؛ أبو شامة، 1997، ج4، ص447).

2-بەڵام مێژوونووس (إبن واصل) ووردەکاری زیاتر لە بارەیەوە دەخاتە ڕوو دەڵێ بە ڕێکەوت (الافضل) لە ڕێگای (مصر) چاوی دەکەوێت نامەبەرەکەی (فخر الدين جهاركس) کەنامەی بۆ (فارس الدين ميمون القصري) ناردبوو وەك پێشتر باسمان کرد مەليك (الافضل)يش نامەبەرەکەی لەگەڵ خۆی گەڕاندەوە بۆ (القاهرة)، میر وسەرکردەکانیش دەرچوون بۆ(بلبيس)[14] تاکو پێشوازی لێبکەن، لەو کاتەی مەليك (الافضل) گەیشتە ئەوێ چاوی کەوت بە براکانی جگە لەوانیش میر وسەرکردەکانیش وەك باسمان کرد لە پێشوازی دابوون (1957، ج3، ص91-92 ؛ المقريزي، 1997، ج1، ص258-259 ؛ المقريزي، 1418هـ ، ج3، ص161-162). میر (فخر الدين جهاركس) خوانێکی گەورەی بەو بۆنەیەوە ئامادەکردبوو بۆئەوەی (الافضل) هەست بەهیچ نەکات، چونکە تاکو ئەو کات نەی دەزانی پیلانەکەی ئاشکرا بووە، لەو کاتەشی داوای لیکرد کە لە چادرگەکەی دابەزێت وخوانی بۆ ئامادەکردووە، بەڵام ئەو خوانەکەی ئەوی قەبووڵ نەکرد چووە چادرگەی براکەی، میر (فخر الدين جهاركس)یش چووە خزمەتی ڕێزێکی زۆری بۆ نیشاندا لەوێ چاوی کەوت بە نامەبەرەی ئەوکات سەری سوڕما، هەروەها زانێ کە پیلانەکەی ئاشکرا بووە، ئەمەش وای لیکرد کە تێگەیشتنی ئەوەی لا بۆ دروست بێت کە مەليك (الافضل) بەرامبەر بەم کارەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بۆیە لە دواتردا مۆڵەتی لە مەليك (الافضل) وەرگرت بۆ ڕۆیشتن، بەبیانووی دەچێت چارەسەری کێشەی هەندێ عەرەبەکانی (مصر) دەکات،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەویش مۆڵەتیدا، پاشان بە خێرای چووە لای میرە (الصلاحية)کانی وەك (زين الدين قراجا) و(اسد الدين سرانسقر) بارودۆخەکەی بۆ ڕوون کردنەوە بۆیە هەموویان پێکەوە ڕێکەوتن کە مەلیك (الافضل) بەجێبهێڵن (1957، ج3، ص91-92 ؛ المقريزي، 1997، ج1، ص258-259).

**3-3-هەڵوێستی میرەکان لە دوای دەست بەسەرداگرتنی (مصر) لەلایەن مەلیك (الافضل).**

دوای ئەوەی مەلیك(الافضل) لە (10ی ربيع الاول) ی ساڵی (595ك/1198ز) چووە شاری (القاهرة) (إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص153) میر (فخر الدين جهاركس) دەستی کرد بە کۆبوونەوە لەگەڵ میرە (الصلاحية)کان کە پێك هاتبوو لە (زين الدين قراجا) و(أسد الدين سرانسقر) کە ئەو دوو میرە میری گەورەبوون هەموویان پێکەوە ڕێکەوتن کە وولاتی (مصر) جێبهێڵن (إبن واصل، 1957، ج3، ص91)، پاشان بەخۆیان وژمارەیەك سەربازەوە چوون بەرەو (الشام) (العمري، 1423هـ ، ج27، ص186 ؛ إبن الوردي، 1996، ج2، ص11 ؛ علي، 1983، ج2، ص72)، مێژوو نووس (إبن واصل) دەڵێت ئەو میرانە پێکەوە هەڵوێستی سیاسیان نواند کە بەجێهێشتی مەلیك (الافضل) بوو، میر (فخر الدين جهاركس) وای لەو دوو میرە گەیاند کە ئەو مەلیکە بۆ ئەوان هەرگیز گونجاو نیە (1957، ج3، ص91) کە بەم شێوەیە پێی گووتن ((وأعلمهما إنه لا يصلح لهم أبدا، وافقاه على ذلك)) (إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص154) ئەمەش بووە هۆی ئەوەی میرەکانیش هەمان هەڵوێستیان لادروست ببێت وپێکەوە ڕێکبکەون (إبن واصل، 1957، ج3، ص91 ).

دواجار ئەو میرانە وولاتی (مصر)یان بەجێهێشت وبەرەو (القدس) ڕۆیشتن لە ڕێگا چاویان بە میرێك کەوت بەناوی (شجاع الدين طغرل[15] السلاح دار)[16] کە دەیویست بەرەوە (مصر) بچێ، بەڵام ئەوان توانیان وا لەم میرەش بکەن کە لەرووی سیاسیەوە بچێتە پاڵ ئەوان لەگەڵیان چوو بەرەو (القدس)، دوای ئەوەی گەیشتنە ئەو شارە (إبن واصل، 1957، ج3، ص92 ؛ المقريزي، 1997، ج1، ص259) چەندین میری تر پەیوەندی پێیانەوە کرد (إبن الاثير، 1997، ج10، ص159) وەك (ميمون القصري) بە خۆی حەوسەد سەربازەوە (إبن واصل، 1957، ج3، ص92 ؛ المقريزي، 1997، ج1، ص258)، کە-فەرمانڕەوای شاری (نابلس)[17]ی دەکرد- کە یەکێك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوو لە میرە (الصلاحية)کان (إبن الاثير، 1997، ج10، ص159)، هەروەها میر (عز الدين اسامة)[18]و (إبن واصل، 1957، ج3، ص91 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص154 ؛ المقريزي، 1997، ج1، ص259) (صارم الدين)[19]یش پەیوەندیان پێیانەوە کرد (إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص154 ؛ المقريزي، 2006، ج6، ص120)، کە ئەم میرەی کۆتایی میری (القدس) بوو (المقريزي، 1997، ج1، ص259).

**4-3-دەست پێکردنی هەنگاوە سیاسیەکانی میرە (الصلاحية)کان دژ بە مەلیك (الافضل).**

(إبن الاثير) دەڵێ میرە (الصلاحية)کان کۆبوونەوە بڕیاریاندا کە دژایەتی مەلیك (الافضل) بکەن جگە لەوە کەسێکیان بۆ (ماردين) نارد ( 1997، ج10، ص159 ؛ إبن خلدون، 1981، ج5، ص388) ئەویش میری (الصلاحي) (سرانسقر) بوو ( أبو شامة، 1997، ج4، ص450) بە دوایی مەلیك (العادل)یان نارد دوایان لیکرد کە بگەڕێتەوە وئەوان هاوکاری دەکەن بۆ ئەوەی دەست بەسەر وولاتی (مصر) بگرێت بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە (1997، ج10، ص159 ؛ إبن خلدون، 1981، ج5، ص388) هەروەها ببێتە ئەتابەگی مەلیك (المنصور محمد) لە وولاتی (مصر) (المقريزي، 1997، ج1، ص259 ؛ المقريزي، 2006، ج6، ص120). مەلیك (العادل)یش کە ئارەزووی زۆری بۆ دەسەڵات هەبوو ئەمەی بەدەرفەتێکی باش زانی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بۆیە هەواڵی بۆ میرە (الصلاحية)کان نارد وپێی ڕاگەیاندن کە شوێنی خۆیان بە جێ نەهێڵن تاکو ئەوکاتەی لە گرتنی شاری (ماردين) تەواو دەبێت پەیوەندیان پێوەدەکات (إبن واصل، 1957، ج3، ص92 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص154).

دوای ئەوەی مەلیك (الافضل) چووە شاری (القاهرة) لە (595ك/1198ز) گوێ بیستی ڕاکردنی (فخر الدين جهاركس) بووە، مەلیك (الافضل) درکی بەوە کردبوو کە ڕاکردنی میرە (الصلاحية)کان کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی سیاسی ئەو دروست دەکەن بۆیە گرنگی بە بابەتەکەدا، هەڵسا بەناردنی نامەیەك بۆیان تاکو بگەڕێنەوە بۆ (القاهرة)، بەڵام ئەوان نەگەڕانەوە، لە پاشان چەندین نامەی تر لە نێوانیان ئاڵوگۆڕ کرا نەك هەر نەگەڕانەوە بۆ (القاهرة) بەڵکو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژمارەیەك تر لە میرە (الصلاحية- الناصرية)کان پەیوەندیان بە (القدس)ەوە کرد (إبن الاثير، 1997، ج10، ص159) و چوونە لای میر (فخر الدين جهاركس) (المقريزي، 1418ه، ج3، ص161)، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە میرە (الصلاحية)کان هەر لە وولاتی (مصر) مابوونەوە، مەلیك (الافضل)یش سیاسەتێکی توندو تیژی لە دژیان پەیرەو کرد و زۆر بە خراپی مامەڵەی لەگەڵیان کرد هەندێکیانی کردە بەندیخانەوە وبەندیکردن (إبن الاثير، 1997، ج10، ص159) کە لایەنگری (فخر الدين جهاركس) بوون (المقريزي، 1418ه، ج3، ص161) ئەو میرانەی کە دەستگیرکران میر (علاء الدين شقير)[20]ومیر(عز الدين البكي الفارس)[21] ومیر(عز الدين أيبك فطيس)[22] بوون (إبن واصل، 1957، ج3، ص94 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص156 ؛ إبن خلدون، 1981، ج5، ص389).

هەروەها (إبن الاثير) دەڵێ ئەم میرە (الصلاحي- الناصري)انە لە بەناوبانگترین وئازاترین وپێشەنگترین میرەکان بوون کە وێنەیان نەبووە) 1997، ج10، ص159) کەچی مەلیك (الافضل) سەروەت وسامانی ئەوانی تاڵان کردووە وبەندی کردون (إبن واصل، 1957، ج3، ص94 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص156 ؛ المقريزي، 1997، ج1، ص259) جگە لەوە سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن دەڵێن دوای ئەوەی مەلیك (الافضل) بڕیاری دەستگیرکردنی میرە (الصلاحية)کانیدا بەشێك لەوانە ڕایانکرد[23] وپەیوەندیان بە میرە (الصلاحية)کانی ترەوە کرد لە (القدس) (إبن واصل، 1957، ج3، ص94 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص156-157)، بەڵام زۆری پێنەچوو میر وسەربازەکانی تری وولاتی (مصر) سوێندیان بۆ مەلیك (الافضل) خواردوو وپەیمانیان پێدا وەك ئەتابەگ (إبن واصل، 1957، ج3، ص94) پاشان مەلیك (الافضل) سیاسەتی خۆی گۆڕی بەشێك لە میرە (الصلاحية)کانی ئازاد کرد چونکە ئەوانیش چوونە پاڵ فرمانی ئەو (إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص157) بەگشتی تاکو ڕادەیەکی زۆر میرە (الاسدية)کان بەتەواوی کاروباری وولاتی (مصر)یان بۆ خۆیان قورخکردبوو هەروەك مێژوونووس (إبن الاثير) دەڵێ مەلیك (الافضل) بۆ هەموو کاروبارەکانی دەگەڕایەوە بۆ ڕاو بۆچوونەکانی میر (سيف الدين يازكوج) کە پێشتر باسمان کرد ئەم میرە گەورەی میرە (الاسدية)کان بووە لە وولاتی (مصر) (1997، ج10، ص159).

**5-3-هەڵوێستی سیاسی میر وسەرکردەکان لەدژایەتی کردنی مەلیك (الافضل) بۆ گەمارۆدانی سەر (دمشق).**

مەلیك (الافضل) لە ساڵی (595ك/1198ز) دەسەڵاتی لەووڵاتی (مصر) جێگیر بوو، بە ناوی کوڕی براکەیەوە مەلیك (المنصورمحمد) دەسەڵاتی ووڵاتی (مصر)ی گرتە دەست، هەروەها لەو ساڵەدا نوێنەری مەلیك (الظاهر)ی برای لە شاری (حلب)ەوە گەیشتە (مصر) لەلایەکی تریش نوێنەری (أسد الدين شيركو) (م: 637ك/1239ز)ی فەرمانڕەوای (حمص) گەیشتە (مصر) داوایان لە مەلیك (الافضل) کرد کە بێت ودەست بەسەر (دمشق)دا بگرێ لەبەر ئەوەی دەرفەتێکی باش ڕەخساوە بۆ دەست گرتن بەسەر شارەکە چونکە مەلیك (العادل) لە شارەکە نیە،(إبن الاثير، 1997، ج10، ص159)، گەمارۆدانی شاری (ماردين) داوە(سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص70 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص147 ؛ عاشور، 1972، ص68) جگە لەوانە میرەکانی مەلیك (الافضل) داوایان لێی کرد کە بچێت ودەست بەسەر (دمشق) بگرێ هەروەك (أبو شامة) باسی لێ دەکات دەڵێ پێیان گووت ((داوای وڵاتەکەت بکە -مەبەستیان (دمشق)ە- کە لێی دەرکرایت وئەو شوێنەی کە تووشی کێشە بوویت، دەسەڵاتت لە (مصر) بەس نیە بۆ تۆ، (دیمشق)یش بەپێی ویستی باوکت بۆ تۆبوو)) ((وقالوا له أطلب بلدك الذي منه أخرجت وعن المقام فيه أزعجت ومالك في مصر ما يكفيك و دمشق لك بوصية أبيك))، (1997، ج4، ص448)میرەکانی (شێرکو)ە (الاسدية) کانی مەلیك (الافضل)یان داوە بۆ دەست گرتن بەسەر (دمشق)، (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص70 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص147)بە بڕوای ئێمە میر (سيف الدين يازكوج) یەکێك لەو میرانەی کە هانی مەلیك (الافضل) یان داوە چونکە میر (سيف الدين يازكوج) گەوری میرەکانی (الاسدي) بووە لە (مصر) لەوکاتەدا (المقريزي، 1418هـ ، ج3، ص161؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص130)لەلایەك لەلایەکی تر لەوکاتەی مەلیك (الافضل) (مصر) بەجێ دەهێڵێت بەو ئامانجەی دەست بەسەر (دمشق) بگرێ ئەم میرە وەك جێگری خۆی لەسەر (مصر) دادەنێ تاکو بەڕێوەی ببات،(سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص70 ؛ المقريزي، 2006، ج6، ص120 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج27، ص147)، جگە لەوە میرانی (الاسدي) ومیرانی کورد مەلیك (الافضل) یان خۆش وویستووە، بەڵام میرانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(الصلاحية) بە پێچەوانەوە ئارەزووی مەلیك (الافضل) یان نەدەكرد( إبن واصل، 1957، ج3، ص87 ؛ الذهبي، 2003، ج12، ص1033).

هەموو ئەو هۆكارانەی كە باسمان كرد بووە هۆی ئەوەی مەلیك (الافضل) لە هەمان ساڵی (595ك/1198ز) ڕوو بكاتە (دمشق)، بەڵام بەهۆی درەنگ كەوتنی مەلیك (الافضل) لەلایەك لەلایەكی تر میر (الصلاحية)كانی (القدس) خێرا هەواڵیان بۆ مەلیك (العادل) نارد كە ئەوكات لە گەمارۆدانی شاری (ماردين) بوو پێیان ڕاگەیاند كە مەلیك (الافضل) نیازی دەست بەسەرداگرتنی (دمشق)ی هەیە،(إبن واصل، 1957، ج3، ص95) وەكو ووتمان یەكێ لەو میرانەی كە هەواڵی هێرشەكەی گەیاند میر (سراسنقر) بوو (إبن نظيف الحموي، د.ت، ص8 ؛ أبو شامة، 1997، ج4، ص448 ؛ النويري، 1423هـ ، ج28، ص458) كە یەكێك بوو لە میرە (الصلاحية)كان ( إبن الاثير، 1997، ج10، ص137 ؛ إبن واصل، 1957، ج3، ص131 ؛ المقريزي، 1997، ج1، ص271) ئەم میرە لە پاڵ میرەكانی تر (الصلاحية)كان بوو كە لە مەلیك (الافضل) جیابوونەوە بۆیاخی بوون ڕوویان كردبووە شاری (القدس) لەوێ نوسراویان بۆ مەلیك (العادل) كرد خۆیان دایە پاڵ ئەو مەلیكەو بوونە یەكێك لە میرەكانی ئەو (إبن واصل، 1957، ج3، ص92 ؛ إبن أيبك الدواداري، 1972، ج7، ص138)، دواجار مەلیك (الافضل) ومەلیك(الظاهر)ی برای سەركەوتوونە بوون لە گرتنی شاری (دمشق) چونكە مەلیك (العادل)ی مامیان توانی شكستیان پێبهێنێت (النويري، 1423هـ ، ج28، ص260-261).

## 4- هەڵوێستی سیاسی میر وسەركردەكان لە دیاری كردنی مەلیك (العادل) وەك ئەتابەگی مەلیك (المنصور محمد).

**1-4-هەڵوێستی سیاسی میرەكان لە دەستبەسەرداگرتنی (مصر) لەلایەن مەلیك(العادل)ەوە.**
هەوڵەكانی مەلیك (العادل) بۆ بوون بە سوڵتانی دەوڵەتی ئەیوبی بەردەوام بوو بۆیە لە ساڵی (596ك/1199ز) هێرشی كردە سەر مەلیك (الافضل) لە ووڵاتی (مصر)، ئەمەش دوای ئەوە هات مەلیك (العادل) بەخۆی سوپاكەیەوە قۆناغ بە قۆناغ لە ووڵاتی (الشام) بەدوای كەوت لەوكاتەی

مەليك (الافضل) گەيشتە ناوچەى (بلبيس)، مەليك (العادل)يش گەيشتە (السائح)[24] مەليك (الافضل) گەڕايەوە بۆ ڕووبەڕووبوونى مامى (العادل)، بەڵام شكستى خوارد وسوپاكەشى پەرتەوازە بوو بەخێرايى چووە شارى (القاهرة) دەرگاكانى شارەكە داخست ومەليك (العادل) گەيشتە ئەو شارەى (إبن الاثير، 1997، ج10، ص169 ؛ إبن نظيف الحموي، د.ت، ص11 ؛ الحريري، 1985، ص285). ميرى (الاسدي) (سيف الدين يازكوج) وەك باسمان كرد يەكێ  بوو لە ميرە ناودارەكان پێشتر مەماليكى (شێركۆ) مامى سوڵتان (صلاح الدين)  بوو (المقريزي، 1997، ج4، ص208) كەوتە ناوبژيوان كردنيان تاكو لەڕووى سياسى لێكيان نزيك بكاتەوە.( سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص208) (أبو شامة) باسى ئەوەمان بۆ دەكات كە بەهۆى شكستەكەى بەرامبەر مامى بووە هۆى ئەوەى ژمارەيەك لە كەسايەتيەكانى مەليك (الافضل) چوونە لاى مەليك (العادل) تاكو پاكانەى خۆيان بكەن، هەر لەو كاتەدا مير (سيف الدين يازكوج) هانى مەليك (الافضل) ى دا تاكو لەگەڵ مامى ڕێكەوێت بۆيە پێى گووت كە وولاتەكەى ڕادەست بكات بۆيە ئەم ووتەيەى بۆ هێنايەوە كەوا هيچ هيوايەكى نيە ((بۆ هەموو كاتێک كارێك هەيە وبۆ هەموو كاتێكيش هيوايەكەك هەيە، بۆيە بابەتەكە چاك بكە)) ((لكل زمان عمل ولكل أوان أمل فأصلح الامر))، هەر ئەمەش بووە هۆى دەست پێشخەرى مەليك (الافضل) بۆ ڕێكەوتن لەگەڵ مامى. (1997، ج4، ص455).

(سبط إبن الجوزي) باسى ڕووداوەكان دەكات و دەڵێ (سيف الدين يازكوج) كەوتە نێوانيان بۆ ڕێكەوتن ئەم ميرە ڕۆڵێكى سياسى باشى گێڕا توانى بيان گەيێنێتە ڕێكەوتن بەوەى كە مەليك (العادل) هەر يەكە لە (ميافارقين) و (جبل جور)[25] و (ديار بكر) بدات بە مەليك (الافضل) بەرامبەر بەوە (مصر)ى ڕادەست بكات، دواى ئەوەى مەليك (العادل) بەهۆى ڕێكەوتنە دێتە (القاهرة)، زۆر بەباشى لەگەڵ (سيف الدين يازكوج) دەجوڵێتەوە بێگومان ئەمەش بەهۆى ئەو كارە سياسيەوەيە كە ئەنجامى داوە، بۆيە مەليك (العادل) بە مەليك (الافضل) گووت هەرچييەكت دەوێ بۆم بنووسە ولەگەڵ خۆتى بەرە تەنها (سيف الدين يازكوج) نەبێت، جگە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەوەش لەدواتردا ئەم میرەی کردە پێشەنگ بۆ فەرمانڕەوایەتی کردنی (مصر). 2013، ج22، ص81 ؛ مؤلف مجهول، 2010، ص248 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص150).

**2-4- هەڵوێستی میرەکان لەهەمبەر بڕیاری مەلیك (العادل) بۆ لابردنی مەلیك (المنصور محمد).**

دوای ئەوەی مەلیك (العادل) لە ساڵی (596ك/1199ز) توانی دەست بەسەر ووڵاتی (مصر)دا بگرێ سەرەتا دەسەڵاتی مەلیك (المنصور محمد)ی هێشتەوە وەك مەلیك، میرە (الصلاحية)كان پەیمان وسوێندیان بۆ خوارد، هەروەها لەگەڵ مەلیك (العادل) لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە ئەو ببێتە ئەتابەگی مەلیك (المنصور محمد) تاکو گەورە دەبێت، ئەوکات دەبێت ووڵاتی ڕادەست بکات، بەڵام زۆری پێنەچوو ئەم ڕێکەوتنە سیاسیە لەلایەن مەلیك(العادل)ەوە هەڵوەشێندرایەوە (إبن واصل، 1957، ج3، ص110 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص176 ؛ العيساوي، 2016، ص49) هەروەك مێژوونووس (إبن الاثير) دەڵێت دوای جێگیر بوونی دەسەڵاتی مەلیك (العادل) لە (مصر) ووتاری ڕۆژی هەینی مەلیك (المنصور محمد)ی لە شەوالی (596ك/1199ز) قەدەغەکرد و ووتاری بەناوی خۆی خوێندەوە(1997، ج10، ص170)، بەبیانووی ئەوەی منداڵە بۆ ئەم کارەشی بەشێك لە میرەکانی بەتەواوەتی لەگەڵدابوون (المقريزي، 1997، ج1، ص265 ؛ العريني، 1967، ص117)کە میرە (الاسدية)كان بوون (المقريزي، 1997، ج1، ص265).

سەبارەت بەڕازی بوونی میرە (الاسدية)كان بە لابردنی مەلیك (المنصور محمد) ودانانی مەلیك (العادل) مێژوونووس (إبن واصل) دەڵێت میرە (الاسدية)كان کە بینیان میرە (الصلاحية)كان خۆیان دایە پاڵ مەلیك (العادل) لەگەڵی هاتن وتوانیان دەست بگرن بەسەر ووڵاتی (مصر)دا، هەروەها مەلیك (الافضل)یش لەو ووڵاتە دەربکەن، هەموو ئەمان وای لیکردن کە بیر کردنەوەی سیاسیان وابێت کە دواجار دەبێتە هۆی لاواز بوونی پێگەی سیاسیان، هەروەها ترسی ئەوەیان هەبوو میرە (الصلاحية)كان جێگای دەسەڵاتی سیاسی ئەوان بگرنەوە لە کاروباری دەوڵەتدا بۆیە لەم کارە بەباشی مامەڵەیان لەگەڵ مەلیك (العادل) کرد بەوەی پاڵپشتیان کرد تاکو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەسەڵاتی بەسەر ووڵاتی (مصر) بسەپێنێ ومەليك (المنصور محمد)يش لە دەسەڵات دووربكاتەوە بۆ ئەم کارە لەگەڵی بوون وپەيمانيان پێدا ( 1957، ج3، ص111-112).

لەوکاتەی ميرە (الصلاحية)کان هەواڵی لابردنی مەليك (المنصور محمد)يان بيست نارەزاييان دەربڕی، بۆ ئەمەش کۆبوونەوە داوايان لە لە ميرە (الاسدية)کان کرد کە پاڵپشتيان بکەن، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون بە داواکاريەکانيان (إبن واصل، 1957، ج3، ص112 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص177)، مەليك (العادل) بۆ ڕەوايەتيدان بەڕامبەر بەم کارەی هەڵسا بە ئامادەکردنی کەسايەتی وپياوە ئاينيە گەورەکان، پرسياری لێکردن دەربارەی ڕەوايەتی مەليکايەتی (المنصور محمد) ئەوانيش ڕايانگەياند مەليکايەتی نادروستە بەهۆی ئەوەی کە منداڵە (أبو شامة، 1997، ج4، ص460 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص152 ؛ السيوطي، 1967، ج2، ص22) وەڵامەکەشيان بەم شێوەيە بوو((گووتيان: فەرمانڕەواوی تەواو نيە بەتايبەت لە دەسەڵاتدا چونکە ئەو منداڵە ئەو مافانەی نيە)) ((فقالوا: إن الولاية غير صحيحة، ولا تصح النيابة- لا سيما فی السلطنة- فإنه لا حق فيها للصغير)) (النويري، 1423هـ ، ج29، ص11) وادیارە مەليك (العادل) بۆ ئەم کارە سياسيەی ئامادە کاری تەواوی کردبێت تاکو لە بەرژەوەندی خۆی يەکلای بکاتەوە، بۆيە بڕياريدا کە ووتاری ڕۆژی هەينی بەناوی خۆی بخوێنێتەوە، لە دوای خۆشی بە ناوی کوڕەکەی (الکامل) بهێنرێ (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص82 ؛ أبو شامة، 1997، ج4، ص460 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص152 ؛ ضيق، 1960، ج7، ص31)، ئەم کارەی بووە هۆی نارەزای بوونی بەشێك ميرەکانی (مصر) وگۆڕان لە هەڵوێستيان بەرامبەری بۆ هەڵوێستە سياسيەکەشيان ئەوە بوو لە ڕێگای نامەوە داوايان لە مەليك (الافضل) ومەليك (الظاهر) کرد تاکو پێکەوە هاوکاربن دژی مەليك (العادل)، لە پێناوەشدا چەندين نامەيان ئاڵوگۆڕ کرد تاکو گەيشتنە ئەوەی لەسەر نەخشە ڕێگايەك ڕێکەوتن (إبن الاثير، 1997، ج10، ص173).

مێژوونووس (إبن الاثير) نەخشەکەيانمان ڕوون دەکاتەوە دەڵێت ميرەکانی (مصر) لەسەر ئەوە ڕێکەوتن لەگەڵ مەليك (الافضل) ومەليك (الظاهر)کە ئەو دوومەليکە پێکەوە دەربچن وهێرش بکەنە سەر شاری (دمشق)، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرچوونی مەليك(العادل) لە (مصر) تاکو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یارمەتی (دمشق) بدات کە ئەوکات لەژێردەستی یەکێك لە کوڕەکانی دابوو، لەو هەڵومەرجەشدا میرەکان دەست بەسەر ووڵاتی (مصر) دەگرن وڕادەستی ئەوانی دەکەن، هەروەها میرەکان هاوکاردەبن لە یارمەتیدانی هەردوو مەلیکی برا دژ بە مەلیك (العادل) ماميان تاكو بە تەواوەتی لە ووڵات دەری دەکەن،(1997، ج10، ص73).هەرچی (إبن واصل)ە زیاتر ووردەکاری ئەم ڕووداوە سیاسیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە دەڵێت میری (الصلاحي) (فارس الدين ميمون القصري) فرمانڕەوای شاری (نابلس) چەندین نامەی نارد بۆ مەلیك (العادل) لەسەر لابردنی مەلیك (المنصور محمد) پێی ڕاگەیاند کە دەسەڵاتی بۆ بگەڕێنێتەوە ئەگەر نا دەبێتە هۆی پەرتەوازە بوونی سەربازەکانی، لە دواتریش لاوازی دەوڵەتی ئەیوبی لێدەکەوێتەوە، بەڵام مەلیك (العادل) لەسەر ئەمە بە توندی وەڵامی دایەوە دووبارە میر (فارس الدين ميمون) نامەی بۆ ناردووە پێی گوت ئەگەر بێت وبەردەوامی بدەی بەو ڕێکەوتنەی کە ئێمە لەگەڵت ڕێکەوتن لەسەری -کە مانەوەی مەلیك (المنصور محمد) بوو- ئەوا ئێمە لە ژێر گوێڕایەڵی وفرمانی تۆدا دەبین ئەگەرنا دەڕۆینە ژێر باڵی مەلیکێکی تر (1957، ج3، ص111-112) بەم شێوەیە چەندین نامە لە نێوانیان ئاڵوگۆڕ کرا بەبێ ئەوەی هیچ ڕێکەوتنێکی تر بکرێت.

**4-3- هەڵوێستی میرەکان دوای لابردنی (المنصور محمد) لە لایەن مەلیك (العادل)ەوە.**

لە مانگی (ربيع الاخير) ی ساڵی(597ك/1200ز) مەلیك (الظاهر) فرمانڕەوای شاری (حلب) نامەیەك دەنێرێ بۆ (مصر) لەڕێگای (نظام الدين)[26] ومیر(علم الدين قيصر الصلاحي)[27] هەرچی دوو نوێنەرەکە بوو لەو کاتەی لە شاری (بلبيس) بوون چاویان کەوت بە میری (الصلاحي) (ميمون القصري) ئەم میرە بە دوو نوێنەرەکەی گووت کە ئارەزووی ئەوەی هەیەکە ببێتە لایەنگری مەلیك (الظاهر)، ئەمەش وایکرد لەگەڵیدا ڕێکەوتن بکەن، کاتێکیش گەڕانەوە بۆ لای مەلیك (الظاهر) باسی ئەو میرەیان بۆ کرد ئەویش چەند جارێ نوێنەری ناردەوە لایان نوسراوی بۆ (ميمون القصري) کرد (إبن واصل، 1957، ج3، ص118 ؛ النويري، 1423هـ ، ج29، ص20 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص195)، (إبن الاثير) ئەم هەڵوێستە سیاسیەیانەی میرەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ لابردنی ووتاری ڕۆژی هەینی بەناوی مەلیك (المنصور محمد) وە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشتر باسمان کرد ئەم میرانە ڕازی نەبوون بەو کارەی مەلیك (العادل) کە ئەنجامیدا (1997، ج10، ص173).

لە دواتردا میرە (الصلاحية)کان بۆ خۆنزیککردنەوە لە مەلیك (الظاهر) ومەلیك(الافضل) چەندین نوێنەر ونامەیان نارد بۆیان ئەوانیش وەڵامیان دایەوە (إبن واصل، 1957، ج3، ص118 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص196) لەلایەکی تر ژمارەك لە میرە (الصلاحية)کان پەیوەندیان بە میر (میمون القصري)ەوە کرد (النويري، 1423هـ ، ج29، ص20) مێژوونووس (إبن العديم) دەڵێ میر (فخر الدين جهاركس) و(الجحاف)[28] چەند میرێکی تر لە مەلیك (العادل) جیا بوونەوە پەیوەندیان بە مەلیك (الافضل)ەوە کرد، بەهۆی لابردنی مەلیك (المنصور محمد)ەوە (1996، ص441 ؛ غوانمة، 1982، ص179)، مێژوونووس (إبن نظيف الحموي) جگە لەو میرانەی سەرەوە ناوی چەندین میرێکی تر دەهێنێت کە لە ساڵی (597ك/1200ز) پەیوەندیان بە (الافضل) و(الظاهر)ەوە کردووە، ئەوانیش (علاء الدين شقير) و(زين الدين قراجا)ن، هەروەها ئەم مێژوونوسە ئەم میرانەی بە گەورە میرانی (الصلاحي) داناون وناوی هێناون، هەر ئەم میرانەش بوون هانی ئەو دوومەلیکەیان داوە تاکو جووڵە بکەن بۆ گرتنی (دمشق) (د.ت، ص14-15) چونکە وەك لە ڕووداوەکانی پێشتر باس کرا ئەم شارە هێشتا لە چوار چێوەی دەسەڵاتی مەلیك (العادل) بوو.

میرە (الصلاحية)کان ومەلیك (الافضل)و مەلیك (الظاهر) نەخشەیەکی سیاسیەی نهێنیان لە نێوان خۆیان دانا بۆ گرتنی شاری (دمشق)، بەڵام ئەم نهێنیە ئاشکرا بوو کاتێك (عز الدين اسامة)ی میری تورك (إبن الفوطي، 1416هـ، ج1، ص188)کە یەکێك بوو لە میرەکانی مەلیك (العادل) لە ساڵی (597ك/1200ز) لە حەج دەگەڕایەوە لەوکاتەی نزیکی شاری (صرخد) کەوتەوە چووە سەردانی مەلیك (الافضل) ئەویش ڕێزێکی زۆری لێناو داوای لێکرد کە بێتە ڕیزی ئەوەوە ،ئەم میرە بەڵێنی پێدا وبەڵێنیدا لە خزمەتی ئەودا بێت مەلیك (الافضل)یش پاش دڵنیا بوون لێی تەواوی پیلانەکەی بۆ باس کرد کەدەیانەوێ دەست بگرن بەسەر شاری (دمشق)، بەڵام ئەم میرە لەناو ودڵیەوە هەر لایەنگری مەلیك (العادل) بوو بۆیە کاتێك (صرخد)ی بەجێهێشت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نامەیەکی بۆ مەلیك (العادل) نارد لە وولاتی (مصر) تێدا باسی ئەو پلانەی کردبوو کەدەیانەوێ دەست بەسەر (دمشق)دا بگرن (إبن الاثير، 1997، ج10، ص173 ؛ إبن خلدون، 1981، ج5، ص391)، مێژوونووس (إبن نظيف الحموي) دەڵێ تەنانەت (عز الدين اسامة) خۆشی چوو بۆ وولاتی (مصر) لەوێ چاوی کەوت بە مەلیك (العادل) تەواوی ئەوەی بیستبووی بۆی باس کرد (د.ت، ص13)، لە دواتردا هەوڵەکانیان بۆ گرتنی شاری (دمشق) سەرکەوتوونەبوو(إبن الاثير، 1997، ج10، ص173-175).

### 4-4- بۆچوون و هەڵوێستی سیاسی مەلیك (العادل) بەرامبەر بە میرە (الصلاحية)کانی (مصر).

مەلیك (العادل) دوایی ئەوەی وولاتی (مصر)ی لە ژێردەستی برازایەکانی دەرکرد وەك پێشتر باسمان کرد، وویستی ئەو وولاتە بە تەواوی لەژێر دەسەڵاتی بمینێتەوە سەرەتا ووتاری ڕۆژی هەینی بەناوی مەلیك (المنصور محمد) لە ساڵی (596ك/1199ز) قەدەغە کرد، لە دواتریشدا لە ساڵی (598ك/1201ز) بڕیاریدا بە دوور خستنەوەی (المنصور محمد) لە وولاتی (مصر) (إبن الاثير، 1997، ج10، ص173 ؛ إبن الساعي، 1934، ج9, ص101) هۆکاری دوور خستنەوەکەشی مێژوونووس (إبن واصل) ئاماژەی بۆ کردووە ودەڵێ مەلیك (العادل) ترسی لە میرە (الصلاحية)کان هەبوو چونکە هەر ئارەزوو مەیلی سیاسیان بۆ مەلیك (العزيز)ی باوکیان مابوو بۆیە پاڵپشتی کوڕەکەیان دەکرد، مەلیك (العادل)یش ترسەکەشی لەوە دابوو سیاسەتی میرە (الصلاحية)کان ببێتە هۆی دروست بوون وگەڕانەوەی ناکۆکی وئاشوب وپارچە پارچە بوون (1957، ج3، ص140 ؛ إبن أيبك الدواداري، 1972، ج7، ص153)، بۆیە هەر لەم ساڵە هەستا بە دەرکردنی مەلیك (المنصور محمد) لەگەڵ هەموو برا وخوشك وتەنانەت دایکشی بۆ شاری (الرها) (إبن الاثير، 1997، ج10، ص173 ؛ إبن الساعي، 1934، ج9, ص101 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص249) پاش ئەوەی ماوەیەك لەوێ مانەوە چوونە شاری (حلب) بۆلای مەلیك (الظاهر)ی ماميان و لەلای ئەو مانەوە (إبن أيبك الدواداري، 1972، ج7، ص153)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام

لە کۆتایی دا توێژینەوەکە گەیشت بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- میر وسەرکردەکان جگە لە ئەرکە سەربازیەکانیان ڕۆڵێکی سیاسی زۆریان هەبووە لە دەوڵەتی ئەیوبیدا بە بەراورد بە دەوڵەتەکانی هاوسەردەمیان بەتایبەتی لە دانانی ئەتابەگیدا.
- -دابەش بوونی میر وسەرکردەکانی دەوڵەتی ئەیوبی بەسەر گروپەکانی وەك (الاسدی) و(الصلاحی) و کوردا وای کردبوو دەست تێوەردانی سیاسی بکەن لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان، بە جۆرێ هەر گروپێك هەوڵی ئەوەی دەدا تەنها بەرژەوەندی خودی گروپەکەی خۆی بپارێزێ.
- -میر وسەرکردەکان بەهۆی ئەو تێکۆشانە زۆرەی کە دژی خاچیەکان ئەنجامیان دابوو لەسەردەمی سوڵتان (صلاح الدین) وای کردبوو پێگەیەکی گەورەیان هەبێت لە دەوڵەتەکەیدا بۆیە دوای مردنی سوڵتان (صلاح الدین) ومردنی مەلیك (العزیز)ی کوڕی وای کرد کە دەست وەردانێکی سیاسی زۆر بکەن لە دانانی ئەتابەگی بۆ مەلیك (المنصور محمد).
- هەر لە پێناو دانانی ئەتابەگی مەلیك(المنصور محمد) بوو میر وسەرکردەکان بەردەوام لەوماوەیەدا هەوڵی ئەوەیاندەدا کە کەسێکی وا دابنێن کە لەگەڵ سیاسەت وبەرژەوەندیەکانیان بگونجێ بۆیە هەرجارەو پشگیری یەکێکیان دەکرد.

## پەراوێزەکان

1. (المنصور محمد): ناوی تەواوی ( ناصر الدین )ی کوڕی (العزیز)ی کوڕی (صلاح الدین)ی کوڕی (نجم الدین) کوردیە، سێیەم مەلیکی (مصر) بوو لە ئەیوبیەکان لە ساڵی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(585ك/1189ز) لەدایك بووە لە دوایی باوكی بوو بە مەلیك، لە ساڵی (620ك/1223ز) كۆچی دوایی كردووە. المقريزي، 2006، ج6، ص120.

2. (فخرالدين جهاركس): ناوی تەواوی (شركس)ی كوڕی (عبدالله الصلاحي)، هەروەها پێی دەڵێن (أياز شركس) یاخود (أياز جهاركس)، ئەم ناوەش واتا بە چوار سەد دينار كراوە، يەكێك بووە لە میرەكانی سوڵتان (صلاح الدين) لەگەڵ ئەودا بەژداری تەواوی شەڕەكانی كردووە، دواتر دەبێتە میری مەليك (الافضل) پاشان لێ جيا دەبێتەوە ودەچێتە پاڵ مەليك (العادل)، پاشان لە ساڵی (608ك/1211ز) كۆچی دوای كردووە. (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص188)، هەروەها باس لەوە دەكرێ كە (الشركسية) ڕەگەزێكی توركن. (العصامي، 1998، ج4، ص38) لە سەرچاوەی تر بە مەماليكی سوڵتان (صلاح الدين) ناويان هێناوە (إبن نظيف الحموي، د.ت، ص3).

3. (بهاء الدين قراقوش): يەكێك بوو لە خزمەتكارەكانی (أسد الدين شيركوە)ی مامی (صلاح الدين) دوای مردنی (شيركوە) لە خزمەتی (صلاح الدين) مايەوە، سوڵتان (صلاح الدين) زۆر باوەڕی بە تواناكانی هەبووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە فرمانەكانی دەرنەدەچوو، بۆيە سوڵتان چەندين كاری پێسپاردووە لە (مصر)، لە ساڵی (597ك/1200ز) كۆچی دوايی كردووە (إبن أبی الوفاء، 1993، ج4، ص595-597)، هەروەها، يەكێك بووە لە ميرە گەورەكانی (الاسدية) كان (أبو شامة، 1997، ج4، ص446).

4. (الاتابك): ئەتابەگ: ووشەيەكی (توركي) يە: بەمانايی ئەو كەسە دێت كە پارێزەری شازادەيە و بەڕێوەبەری كاروباريەكانيەتی. رينهارت دوزي، 2000، ج1، ص80.

5. الصلاحية: ئەوانە مەماليكی سوڵتان (صلاح الدين) بوون هەروەها ناسرابوونيش بە (الناصرية). (مؤلف مجهول، 2010، ص220 پەراوێزی ژمارە 1).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6. (سراسنقر): یەکێك بوو لە مەمالیکەکانی سوڵتان (صلاح الدین) کە ناسراون (الصلاحیة) (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص137) بەناوی (أسد الدین سراسنقر)یش ناوی هاتووە (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص69).
7. میر (زین الدین قراجا): یەکێك بوو لە میرە (الصلاحیة)کان، فەرمانڕوایی شاری (صرخد) ی کردووە، مەمالیکی سوڵتان (صلاح الدین) بووە لە ساڵی (604ك/1207ز) کۆچی دوای کردووە(إبن نظیف الحموي، د.ت، ص55).
8. (الاسدیة): ئەوانە مەمالیکی تایبەت بە (أسد الدین شیرکوە) مامی سوڵتان (صلاح الدین) بوون، بۆیە ناسرابوون بە (الاسدیة)کان. (مؤلف مجهول، 2010، ص219 پەراوێزی ژمارە 3).
9. (سیف الدین یازکوج): گەورەی میرەکانی (الاسدي)بوو. لە ساڵی (599ك/1202ز) کۆچی دوای کردووە لە (القاهرة) (الذهبي، 2003، ج12، ص1188) لەسەرچاوەکانی بەچەندین شێوە ناوی هاتووە (إیازکوش)، (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص96). (أزکوش) (أزکش)ناوی هاتووە، (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص69)جگە لەوەش بە (تاوکج)ناوی هاتووە. (إبن خلدون، 1981، ج5، ص352). بە ناوێکی تریش لە سەرچاوەکان هاتووە ئەویش (یازکوج)ە. (إبن واصل، 1957، ج2، ص296).
10. (أسوان): شارێکی گەورەیە وناوچەیەکی فراوانە دەکەوێتە کۆتایی ناوچەی (الصعید)ی (مصر) لەسەرەتایی ناوچەی (النوبة) لەسەر ڕووباری (النیل)ە. (یاقوت الحموي، 1995، ج1، ص191).
11. (صرخد): شارێکە هاوسنوری شاری (حوران)ە، هەروەها قەڵایەکی سەخت و ناوچەیەکی فراوان لەخۆ دەگرێ. (یاقوت الحموي، 1995، ج3، ص401).
12. (القاضي الفاضل): ناوی تەواوی (عبدالرحیم)ی کوڕی (علي)ی کوڕی (الحسن أبو علي البیساني الکاتب) ناسراوە بە (القاضي الفاضل) لە (بیسان) لەدایك بووە لە ساڵی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(529ك/1134ز) لە وولاتی (مصر) پێگەیشتووە کاری لە بواری ئەدەب نامەدا زۆر کردووە یەکێك بووە لە بەناوبانگەکانی سەردەمی سەردەمی خۆی لە بوارەکەیدا، یەکێك بووە لە ڕاوێژکارەکانی سوڵتان (صلاح الدین)، لە ساڵی (596ك/1199ز) کۆچی دوای کردووە(سبط إبن الجوزي، مراة، ج22، ص83).

13.(فارس الدين ميمون القصري): یەکێك بووە لە میرە گەورەکانی سوڵتان (صلاح الدين) بۆیە نازناوی (الصلاحي) وەرگرتووە، لە کۆتا میرەکانی (صلاح الدين) بووە کە تاکو ساڵی (610ك/1213ز) لە ژیاندا مابووە لە شاری (حلب)ش کۆچی دوای کردووە، خاوەنی هەشتا مەملوك وهەشتا جارییە بووە، جگە لەوانە سەروەت وسامانێکی زۆری لەدوای خۆی بەجێهێشت. (إبن واصل، 1957، ج3، ص220).

14.(بلبيس): شارێکە نێوانی لەگەڵ شاری (مصر) دە فەرسەخە (60کم) دەکەوێتە سەرە ڕێگای (الشام). (ياقوت الحموي، 1995، ج1، ص479).

15.(شجاع الدين طغرل): یەکێکە لەسەر کردەکانی سوڵتان (صلاح الدين) کە سەرکردایەتی مەمالیکەکانی سوڵتانی دەکرد. (إبن شداد، 2012، ص142).

16. (السلاح دار)یش پلەیەکی سەربازی بووە کە چەکی سوڵتانی یاخود هی میری هەڵدەگرت کە بەرپرسیارەتی ئەو چەکەی دەگرتە ئەستۆ، ووشەی (السلاح الدار) یش لە دوو ووشە پێك هاتووە (السلاح) ووشەیەکی عەرەبیە بەواتایی چەك دێ یاخو میری چەك، (الدار)یش ووشەیەکی فارسیە بەواتایی ڕاگرتنە هەردوو ووشەکەش پێکەوە بەمانایی (چەك هەڵگر) دێت. القلقشندی، صبح الاعشی، ج5، ص434.

17.(نابلس) شارێکی بەناوبانگە لە وولاتی (فلسطين). (القزويني، د.ت، ص277).

18. (عز الدين اسامة): ئەم میرە ناوی تەواوی (أبو نصر سامة) ی کوڕی (عبد الله التركي)ە، لەمیرە گەورە وناودارەکان بووە، سوڵتان (صلاح الدين) شاری (بيروت)ی پێداوە تاکو فەرمانڕەوای تێدا بکات (إبن الفوطي، 1416هـ، ج1، ص188).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

19. (صارم الدین): ناوی (صارم الدين قطلو) بوو مەملوکی (عز الدين فرخشاه)ی کوڕی (شاهنشاه)ی کوڕی (نجم الدين أيوب) بوو، ساڵی (593ك/1196ز) دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی شاری (القدس) وەرگرتووە، (العليمى، (د.ت)، ج2، ص269-270).

20.(علاء الدين شقير): بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستماندایە زانیاری زۆر کەم لە بارەی ئەم میرەوە بەردەستە، تەنها ئەوەیە کە ئەم میرە یەکێك بووە لە میرەکانی مەلیك (العزيز)لە ووڵاتی (مصر)و ساڵی (594ك/1197ز) (المقريزي، 1997، ج1، ص253).

21. (عز الدين البكي الفارس): یەکێکە لە میرە (الصلاحية)کان،(إبن واصل، 1957، ج3، ص119)، هەروەها یەکێکیش بووە لەو میرانەی کە لە ساڵی (589ك/1193ز) ئامادەی سوێند خواردنەکەی بوون بەمەلیکی مەلیك (الافضل) بووە (أبو شامة، 1997، ج4، ص362).

22.(عز الدين أيبك فطيس): یەکێکە لە میرە (الصلاحية)کان (مؤلف مجهول، 2010، ص306) ،هەروەها یەکێکیش بووە لەو میرانەی کە لە ساڵی (589ك/1193ز) ئامادەی سوێند خواردنی بوون بەمەلیکی مەلیك (الافضل) بووە (أبو شامة، 1997، ج4، ص362).

23.میرەکانیش ئەمانە بوون (بهرام الرومي) و(بهرام القاجي) و(فخر الدين الحجاد)(إبن واصل، 1957، ج3، ص93)،

24.(السائح): کۆتا ناوچەیە لە ووڵاتی (شام) لەوکاتەی دەچێتە ووڵاتی (مصر). (مؤلف مجهول، 2010، ص359 پەراوێزی ژمارە 5).

25.(جبل جور): ناوچەیەکی فراوانە سەر بە (دياربكر)ە لەلای (ارمينا)ەوە، (ياقوت الحموي، 1995 ، ج2، ص102).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

26.(نظام الدين): ناوی تەواوی (نظام الدين أبو المؤيد محمد)ی کوڕی (الحسين)ە، وەزيری مەليك (الظاهر) بووە لە (حلب) (إبن العديم، 1996، ص444).

27.(علم الدين قيصر الصلاحي): بەشێك لەسەرچاوەکان ئەم میرەیان بەمەملوکی مەليك (الظاهر) ناساندووە. (إبن واصل، 1957، ج3، ص240 ؛ أبو الفداء، (د.ت)، ، ج3، ص117 ؛ إبن فضل الله، 1423هـ، ج27، ص227)، بەڵام (أبو شامة) بە مەملوکی سوڵتان (صلاح الدين) ناساندوویەتی (1997، ج4، ص332) جگە لەوە ناسناوی (الصلاحي)شی داوەتە پاڵی(1997، ج3، ص112 ؛ النويري، 1423هـ ، ج27، ص96) ئێمە ڕامان لەگەڵ (أبو شامة) دایە سەبارەت بە مەملوکی سوڵتان (صلاح الدين).

28.(الجحاف): ناوی تەواوی (فخر الدين الطنبا الجحاف)ە (النويري، 1423هـ ، ج29، ص21) ئەم میرە یەکێکە لە میرە گەورەکانی (الصلاحي). (إبن نظيف الحموی، (د.ت)، ص14-15).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوەکان

### لیستی سەرچاوەکان ڕەسەنەکان بە زمانی عەرەبی


1. إبن الاثير، أبو الحسن عز الدين علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم بن عبد الواحد الشيباني الجزري، (1997)، الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، بيروت، دار الكتاب العربي، ط1.
2. إبن تغري بردي، جمال الدين أبو المحاسن يوسف، (د.ت)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر و القاهرة، القاهرة، دار الكتب.
3. الحنبلي، أحمد بن إبراهيم، (1996).شفاء القلوب في مناقب بني أيوب، تحقيق: مديحة الشرقاوي، بور سعيد، مكتبة الثقافة الدينية.
4. إبن خلدون، عبد الرحمن بن محمد بن محمد، (1981)، ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر(تاريخ إبن خلدون) تحقيق: خليل شحادة، بيروت، دارالفكر، ط1.
5. إبن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن إبراهيم بن أبي بكر (ج3: 1900م) و(ج4: 1971م)، وفيات الأعيان وأنباء إبناء الزمان، تحقيق: إحسان عباس، بيروت، دار صادر.
6. الدوادارى، أبي بكر بن عبد الله إبن أبيك ،(1972) ،كنز الدرر و جامع الغرر، الجزء السابع، (الدر المطلوب في اخبار ملوك بني أيوب)، تحقيق: سعيد عبدالفتاح عاشور، القاهرة، دار إحياء.
7. الذهبي، شمس الدين أبو عبد لله محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز ،(1993)، الاعلام بوفيات الاعلام، تحقيق: مصطفى بن علي عوض وربيع أبوبكر عبد الباقي، بيروت، مؤسسة الكتب الثقافية، ط1. (2003)، تاريخ الاسلام و وفيات المشاهير والأعلام، تحقيق: بشار عواد معروف ، بيروت، دار الغرب الإسلامي ، ط1.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8. إبن الساعي، أبو طالب علي انجب تاج الدين الخازن، (1934)، الجامع المختصر فى عنوان التواريخ وعيون السير، تحقيق: مصطفى جواد، بغداد، المطبعة السريانية الكاثوليكية، ج9.

9. سبط إبن الجوزي، شمس الدين أبو المظفر بن قزاوغلي بن عبدالله، (2013)، مرأة الزمان في تواريخ الاعيان، تحقيق: إبراهيم الزيبق، دمشق، دار الرسالة العلمية، ط1.

10. السيوطي، جلال الدينعبد الرحمن بن أبي بكر، (1967)، حسن المحاضرة في تاريخ مصر والقاهرة، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم, مصر ، دار إحياء الكتب العربية، ط1، ج2.

11. أبو شامة، أبو القاسم شهاب الدين عبد الرحمن بن إسماعيل بن إبراهيم المقدسي. (1997)،الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، تحقيق: إبراهيم الزيبق، بيروت، مؤسسة الرسالة.) 2002)،تراجم رجال القرنين السادس والسابع المعروف (بالذيل على الروضتين)، تحقيق: ابراهيم شمس الدين، بيروت، دار الكتب، العلمية، ط1.

12. إبن شداد، بهاء الدين يوسف بن رافع بن تميم بن عتبة الأسدي الموصلي، (2012)، سيرة صلاح الدين الايوبي المسمى النوادر السلطانية ومحاسن اليوسفية، القاهرة، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة.

13. إبن العديم،كمال الدين عمر بن أحمد بن هبة الله بن أبي جرادة العقيلي، (1996)، زبدة الحلب في تاريخ حلب، تحقيق: خليل المنصور، بيروت، دار الكتب العلمية .

14. العصامي، عبد الملك بن حسين بن عبد الملك، (1998)، سمط النجوم العوالي في أنباء الاوائل والتوالي، تحقيق: عادل أحمد عبد الموجود وعلي محمد معرض، بيروت،دار الكتب العلمية، ط1.

15. العليمي، مجير الدين عبد الرحمن بن محمد بن عبد الرحمن، (د.ت)، الأنس الجليل بتاريخ القدس والخليل، تحقيق: عدنان يونس عبدالمجيد نباتة، عمان، مكتبة دنديس، (2011)،التاريخ المعتبر في أنباء من غبر، تحقيق: لجنة مختصة من المحققين، سوريا، دار النوادر.

16. إبن العماد الحنبلي، أبو الفلاح عبد الحي بن أحمد بن محمد، (1986)، شذرات الذهب في أخبار من ذهب، تحقيق: محمود الارناؤوط، دمشق ، دار إبن كثير، ط1.

17. أبو الفداء، الملك المؤيد عمادالدين إسماعيل بن علي بن محمود بن محمد إبن عمر بن شاهنشاه بن أيوب، (د.ت)، المختصر في أخبار البشر، القاهرة، المطبعة الحسنية المصرية، ط1.

18. إبن الفرات، ناصر الدين محمد عج الرحيم، (1969)، تاريخ إبن الفرات،مجلد الرابع الجزء الثاني، تحقيق: حسن محمد الشماع، البصرة، دار الطباعة الحديثة.

19. إبن فضل الله العمري، شهاب الدين أحمد بن يحيى، (1423هـ)، مسالك الابصار في ممالك الامصار، الناشر المجمع الثقافي، ط1 .

20. إبن الفوطي، كمال الدين أبو الفضل عبد الرزاق بن أحمد بن محمد الصابوني، (1416هـ)، مجمع الاداب في معجم الالقاب، تحقيق: محمد الكاظم، إيران، مؤسسة الطباعة والنشر، ط1.

21. المقريزي، تقي الدين أحمد بن علي بن عبد القادر، (1997)، السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، بيروت، دار الكتب العلمية، ط1. (2006)، المقفي الكبير، تحقيق: محمد اليعلاوي، بيروت، دار الغرب الاسلامي، ط2. (1418ه)، المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والاثار، بيروت، دار الكتب العلمية، ط1.

22. مؤلف مجهول، (2010)، تاريخ دولة الاكراد و الاتراك (تاريخ دولة الاكراد)، تحقيق: موسى مصطفى الهسنياني، دهوك، مطبعة جامعة دهوك، ط1.

23. إبن نظيف الحموي، أبو الفضائل محمد بن علي، (د.ت)، التاريخ المنصورى= تلخيص الكشف والبيان في حوادث الزمان، تحقيق: أبو العبد دودو، دمشق، مطبعة الحجاز.

24. النعيمي، عبد القادر بن محمد، (1990)، الدارس في تاريخ المدارس، تحقيق: إبراهيم شمس الدين، (د.م)، دار الكتب العلمية، ط1.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

25. النويري، شهاب الدين أحمد بن عبد الوهاب بن محمد بن عبد الدائم القرشي التيمي البكري، (1423هـ)، نهاية الارب في فنون الادب، القاهرة، دار الكتب والوثائق القومية، ط1.

26. إبن كثير، عماد الدين أبو الفداء إسماعيل بن عمر البصري، (1997)، البداية والنهاية، تحقيق: عبدالله بن عبدالمحسن التركى،(د.م)، دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والاعلان ، ط1.

27. القزويني، زكريا بن محمد بن محمود، (د.ت)، آثار البلاد وأخبار العباد، بيروت، الناشر دار صادر.

28. القلقشندي، أحمد بن علي بن أحمد الفزاري (د.ت)، صبح الاعشى في صناعة الانشاء، بيروت، دار الكتب العلمية.

29. إبن واصل، جمال الدين محمد بن سالم، (1957)، مفرج الكروب في أخبار بني أيوب ،الجزء الثاني والثالث، تحقيق: جمال الدين الشيال،القاهرة، الجزء الثاني، مطبعة الاميرية، الجزء الثالث، دار العلم.

30. إبن الوردي، زين الدين عمر بن مظفر بن عمر بن محمد إبن أبي الفوارس، (1996)، تاريخ إبن الوردي، بيروت، دار الكتب العلمية، ط1.

31. إبن أبى الوفاء، محمد بن محمد بن نصر الله بن سالم بن أبي الوفاء القرشي الحنفي المصري، (1993)، الجواهر المضية فى طبقات الحنفية، تحقيق: عبد الفتاح محمد الحلو، مصر، هجر للطباعة والنشر ،ط2.

32. ياقوت الحموي، شهاب الدين بن عبد الله الرومي، (1995)، معجم البلدان، بيروت، دار الصادر، ط3.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی کوردی

1. شەرەفخانی بدلیسی، میر (شرف) خانی کوڕی میر (شمس الدین)ی کوڕی (شرف) خانی ڕۆژکی، (2006)، شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، و: مامۆستا هەژار، هەولێر، دەزگای ئاراس، چ3.

## ژێدەرە نوێیەکان بە زمانی عەرەبی

1. الحريري، سيد على، (1985)، الاخبار السنية الحروب الصليبية، القاهرة، الزهراء الاعلام العربي، ط3.
2. دوزي، رينهارت ،( 2000)، تكملة المعاجم العربية، ت: محمد سليم النعيمي، العراق، وزارة الثقافة والإعلام، ط1.
3. ضيق، شوقي، (1960)، تاريخ الادب العربي، مصر، دار المعارف، ط1، (: 1960م)، ج7
4. عاشور، سعيد عبد الفتاح ، (1972)، مصر والشام فى عصر الايوبيين والمماليك، بيروت، دار النهضة العربية.
5. العريني، السيد الباز ،(1967)، الشرق الادنى فى العصر الوسطى، بيروت ،دار النهضة العربية.
6. على، محمد كرد ، (1983)، خطط الشام، دمشق، مكتبة النوري، ط3.
7. غانم، حامد زيان ، (1983)، الصراع السياسى والعسكرى بين القوى الاسلامية زمن الحروب الصليبية، القاهرة، دار الثقافة للنشر والتوزيع.

8. غوانمة، يوسف حسن درويش ،(1982)، إمارة الكرك الايوبية، عمان، الناشر دار الفكر، ط2.

**نامە بڵاونەكراوەكان بە زمانی عەرەبی**

1. العيساوي، وليد هادى صائل ، (2016)، الملك العادل سيف الدين أبوبكر وجهوده فى بناء الدولة الايوبية (569-615هـ/1174-1218م)، رسالة ماجستير، كلية الاداب والعلوم الانسانية، جامعة ال البيت، الاردن.

-----------------------------------------------------------------------------------

# The Political Stance of the Princes and Leaders in Appointing the Atabeg for King Al-Mansour Muhammad, the son of King Al-Aziz in Egypt between the years ( 598-595AH / 1198- 1201AD)

**A Historical and Analytical Study**

**Saman Namuq Tawfeeq**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
saman.tawfeeq@su.edu.krd

**Prof. Dr. Nishtiman Basheer**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
nishtiman.mohammad@su.edu.krd

***Keywords**: King Al-Mansour Mohammed; King Afdhal; Kurdish Emirs; Emir Salahiya; Emir Asadiyah*

## Abstrac

This study is a historical analysis of the political stance of the princes and leaders in the appointment of the Atabeg for King Mansour Muhammad, the son of King Al-Aziz in Egypt between the years (595-598 AH / 1198-1201 AD). After the death of Sultan Saladdin, his sons and relatives became the kings of his state, just as the Ayyubid State was divided into several kingtoms for them to rule. It was normal at the time that his sons were exposed to the state. Damascus went to King Al-Afdhal; Aleppo to King Al-Zahir and Egypt to King Al-Aziz. The emirs and leaders who became kings played a great military and political role, especially in the war and chaos between these brothers until the king (Aziz) Six years after his father's death in (595 AH / 1198 AD), he died, leaving behind several sons, but in terms of age They were only eleven years old, whose eldest son was only eleven years old, named (Al-Mansour Mohammed), so his father made a will and appointed a prince as the supervisor of his son. Therefore, we have analyzed a special study on the political attitudes of these leaders.

---

# الموقف السياسي للأمير والقادة في تعيين الأتابك للملك (المنصور محمد) بن الملك (العزيز) في مصر بين الأعوام (٥٩٥-٥٩٨ هـ / ١١٩٨-١٢٠١ م) (دراسة تاريخية تحليلية)

## ملخص

هذه الدراسة عبارة عن تحليل تاريخي للموقف السياسي للأمراء والقادة في تعيين الأتابك للملك (المنصور محمد) بن الملك (العزيز) في مصر بين الأعوام (٥٩٥-٥٩٨ هـ / ١١٩٨-١٢٠١م) بعد وفاة السلطان صلاح الدين انقسم الأمراء وقادتهم بين ملوك مملكته كما قسمت مملكة أيوب بين أبنائه وإخوانه وأقاربه. لذلك فمن الطبيعي أن ينال أبناؤه نصيبًا كبيرًا من دولته ، فاصبحت دمشق من حصةالملك الأفضل ، بينما غدت حلب للملك الظاهر ، ومصر اصبحت للملك العزيز. ولعب الأمراء

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

والقادة الذين انقسموا إلى هؤلاء الملوك دورًا عسكريًا وسياسيًا كبيرًا ، لا سيما في الحروب والاعتداءات وأعمال الشغب بين الإخوة، توفي الملك (العزيز) بعد وفاة والده بست سنوات في عام (٥٩٥ هـ / ١١٩٨ م )، تاركًا وراءه عددًا من الأبناء ، لكنهم كانوا صغارًا ، وكان ابنه الأكبر المنصور محمد في الحادية عشر من عمره ،فوكل والده أميرًا كوصي وعلى ابنه، تدخل القادة والامراء في الامور السياسية وحاولوا تعيين شخص يناسب مصالحهم، لذلك قامت الدراسة باظهار الموقف السياسي لهؤلاء الامراء والقادة بشكل مفصل في البحث.